ئەوەی ئامادەیە با ڕایبگەیەنێت بە ئەوەی کەسەی کە ئامادە نییە، لە دوای هەڵهاتنی بەیان نوێژ مەکەن تەنها دوو ڕکات نەبێت

لە یەسار -ئەو بەندەیەی ئیبن عومەر ئازادی کرد- دەڵێت: ئیبن عومەر منی بینی لەکاتێکدا لە پاش دەرکەوتنی بەیان نوێژم دەکرد، ووتی: ئەی یەسار، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو بۆ لامان وئێمەش ئەم نوێژەمان دەکرد، فەرمووی: «ئەوەی ئامادەیە با ڕایبگەیەنێت بە ئەوەی کەسەی کە ئامادە نییە، لە دوای هەڵهاتنی بەیان* نوێژ مەکەن تەنها دوو ڕکات نەبێت**». *(هەڵهاتنی بەیان: واتا ئەو کاتەی بەیانی ڕاستگۆ -الفجر الصادق- دەردەکەوێت وبانگی بەیانی دەدرێت)، **(واتا تەنها دوو ڕکات نوێژی سونەت ئەنجامبدەن

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئیبن عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- یەساری بینی (خزمەتکاری -بەندەی- بوو پاشان ئازادی کرد) سونەتی نوێژی بەیانی دەکات پاش دەرکەوتنی بەیان وپێش ئەنجامدانی نوێژی بەیانی، لەوەیە زیاتر لە دوو ڕکاتی ئەنجامدابێت، ووتی: (ئەی یەسار، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو بۆ لامان وئێمەش ئەم نوێژەمان دەکرد): واتا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاوەڵانی بینی نوێژی سونەتی زیاتریان دەکرد لە پاش دەرکەوتنی بەیان وپێش نوێژی بەیانی؛ ئەمیش پاش ئەوەی دوو ڕکاتی سونەتی نوێژی بەیانیان ئەنجامدا بوو، -صلى الله عليه وسلم- پێیانی فەرموو: (ئەوەی ئامادەیە با ڕایبگەیەنێت بە ئەوەی کەسەی کە ئامادە نییە): ئەوەی ئامادەیە لەم دانیشتنە ئەم قسەیە ڕابگەیەنێت بەو کەسەی کە ئامادە نییە. (لە دوای هەڵهاتنی بەیان* نوێژ مەکەن): واتا پاش دەرکەوتنی بەیان -پاش بانگی بەیانی- ئەمیش لە گێڕانەوەی (أحمد)دا هاتووە: [لا صلاة بعد طلوع الفجر إلا ركعتي الفجر] واتە: [هیچ نوێژێک نییە لە پاش دەرکەوتنی بەیان مەگەر دوو ڕکاتی -سونەتی پێش- نوێژی بەیانی نەبێت]. (تەنها دوو ڕکات نەبێت**): واتا دوو ڕکات بە کاملّی، لە فەرموودەکەدا بە -سجدتین- هاتووە ولێرەدا بەشێک لە نوێژەکە باسکراوە ومەبەست لێی هەموو ڕکاتەکەیە؛ هەروەکو لە گێڕانەوەکەی پێشووی (أحمد)دا ڕاڤەی کردووە. ئەمیش بە پێی سونەتی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- چونکە لە پاش دەرکەوتنی بەیان -الفجر الصادق- تەنها دوو ڕکات سونەتی پوختی ئەنجامەدا. بۆیە ئەگەر بەیان دەرکەوت -بانگی بەیانی دا- نابێت مسوڵمان زیاتر لە دوو ڕکات سونەتی پێش نوێژی بەیانی ئەنجامبدات، چونکە ئەمە سونەت وڕێبازی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- وباشترین وخێرترین ڕێباز؛ ڕێبازی سونەتی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-. کەواتە جگە لە دوو ڕکاتی سونەتی پێش نوێژی بەیانی؛ ڕێگەپێدراو نییە هیچ ڕکاتێکی تر ئەنجامبدرێت وئەمیش دەبێت یەکێک لەو کاتانەی کە نوێژ تێیدا نەهی لێکراوە مەگەر دوو ڕکاتی سونەتی پێش نوێژی بەیانی نەبێت، وئەگەر کەسێک هاتە نێو مزگەتەوە تەنها دوو ڕکات سونەتی پێش نوێژی بەیانی ئەنجامەدات وپێویست ناکات دوو ڕکات نوێژی -تحية المسجد- ئەنجامبدات.*(هەڵهاتنی بەیان: واتا ئەو کاتەی بەیانی ڕاستگۆ -الفجر الصادق- دەردەکەوێت وبانگی بەیانی دەدرێت)، **(واتا تەنها دوو ڕکات نوێژی سونەت ئەنجامبدەن

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10612